سەماحەتی حەکیم.. عێراق بەدەست ڕکا بەری ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ناڵاندی بەڵام بە ئۆقرەگرتنی ڕۆڵەکانی و قوربانییەکانی تێپەڕیان کرد

لەمیوانخانەی بەڕێز مەسعەب سادق ئال زەفار بەڕێز عەمارحەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی کەوت بە کۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکانی ڕۆڵەکانی شاری سەماوە، لەم دیدارە بەڕێزیان باسیان لە دۆخی سیاسی وئەو ڕکا بەریانە کرد کە ڕووبەڕووی عێراق بووەتەوە، گوتیشی تیرۆر عێراقی بە ئامانج کرد لە تەماعی ئەوەی حوکم لەدوایی 2003 بگۆڕێت و عێراق بە دۆخێکی سەختی ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی تێپەڕبوو، بەڵام بەهۆی ئۆگرە و سەبرگرتن و قوربانییەکانی ڕۆڵەکانی ئەو دۆخەی تێپەڕ کرد.

سەماحەتی هۆشداری دا لەو ماکینە میدیاییەی ویستی هەموو شتێك بەشەیتانی بکات و شکست دروست بکات، گوتیشی بوونی چەند سیاسەت مەدارێکی شکست خواردوو و گەندەڵ واتای ئەوە نییە ئەزموونەکە بە شکست خواردوو وەسف بکەین، گوتیشی پرۆژەی عێراقی سەرکەوتووە و بەڵگەش سەقامگیری و خستنوە گەڕی کاروانی ئاوەدان کردنەوە.

سەماحەتی جەختی کردەوە کە دەبێت حاڵەتەکانی گەندەڵی و بوار ڕەخساندن بۆی بۆ مەبەستی میدیایی و سیاسی جیابکرێتەوە، گوتیشی هەر قسەیەك گەر بێ ناوەڕۆك و بەڵگە بێت هیچ سوودێکی نییە و دەکەوێت.